## لیوا جەبار یاوەر:

# بابەتی ئاڵۆز لەنێوان حکومەتی مالیکی و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە

**زانا ئەحمەد و**
**سالم حەمەخان**

لەگەڵ ئەوەی تائێستا بەرپرسانی کورد، چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەیان لەگەڵ بەرپرسانی باڵای حکومەتی عیراقی سەبارەت بەهێزی پێشمەرگە سازداوە، سەبارەت بەبودجەی هێزی پێشمەرگە و بەپێی ئەو ڕێککەوتنەش کە لەنێوان هەردوولادا مۆرکراوە، دەبوو لەمانگی کانوونی دووەمی ٢٠٠٧وە بودجەی پێشمەرگە بخرێتە سەر بودجەی گشتی سیادی عیراق، بەڵام تا ئێستا هیچ یەکێك لەخاڵەکانی ڕێککەوتننامەکە نەچۆتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە و سەرۆك وەزیرانی عیراقیش بەڕەسمی ئیمزای پرۆژەکەی نەکردووە، بۆ زانینی هۆکاری دواکەوتنی پەسەندکردنی ئەو پرۆژەیە و هەندێك مەسەلەی تایبەت بەڕۆڵ و ئەرك و چارەنووسی هێزی پێشمەرگە، لیوا جەبار یاوەر ئەندام و وتەبێژی ڕەسمی فەرماندەیی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێم و بریکاری وەزیری پێشمەرگە، لەدیدارێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئاسۆ، شەن و کەوی هەموو ئەو بابەتانە دەکات و بەوردی باس و خواسەکانی تایبەت بەچارەنووس و ڕۆڵی پێشمەرگە لەداهاتوودا دەکات.

*** وەک ئاشکرایە چەند مانگێک تێپەڕیوە بەسەر پەسەندکردنی پرۆژەیاسای تایبەت بەبودجەی هێزی پێشمەرگە و تا ئێستاش نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عیراق بەڕەسمی واژووی ئەو پرۆژەیاسایەی نەکردووە، ئایا هۆکاری دواکەوتنی بۆچی دەگێڕنەوە؟**

– بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لەنێوان هەردوولاماندا هەبووە دەبووایە کۆتایی مانگی ڕابردوو دوایەمین کۆبونەوە بۆئەو مەبەستە سازبکرایە و سەرۆک وەزیران و سەرۆکی هەرێمیش بەڕەسمی ئیمزای پرۆژەکەیان بکردایە، بەڵام ئەم ئاڵۆزییەی کە ئێستا باڵی بەسەر عیراقدا کێشاوە، کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر دواخستنی پەسەندکردنی پرۆژەکە و دۆسیەی گرنگتر لەپێشە وەک ئەوەی ئێستا حکومەتەکەی مالیکی لەژێر هەڕەشەی کشانەوەی چەند بەرەیەکی سیاسیدایە، دیارە ئەم مەوزوعانە وادەکەن کە پەسەندکردنی پرۆژەیاسای بودجەی پێشمەرگە لەکاتی خۆی دوابکەوێت.

*** پێشبینی دەکرێت لەسەرەتای مانگی داهاتوودا بەتەواوی پرۆژەیاسای تایبەت بە بودجەی پێشمەرگە لەلایەن حکومەتی عیراقەوە پەسەند بکرێت و بەتەواوی کۆتایی بهێنرێت بەمەلەفی بودجەی پێشمەرگە؟**

– نازانم بەڵام ئێستا هەندێک بابەتی ئاڵۆز هەیە لەنێوان حکومەتەکەی مالیکی و سەرۆکایەتی هەرێمدا وەک بابەتی پشتیوانیکردنی کابینەکەی مالیکی و بەردەوامبوون لەپڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانە و بابەتی ڕێککەوتن لەسەر مادەی ١٤٠ و چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئەو مادەیە و کێشەی تایبەت بەیاسای نەوت، بۆیە پێویست دەکات ئێستا ئەم کێشانە یەکلابکرێنەوە.

*** بەدەر لە پەسەندکردنی پرۆژەیاسای تایبەت بەبودجەی پێشمەرگە چ بابەتێکی تایبەت بە پێشمەرگە ماوە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیدا یەکلانەکرابێتەوە و بەهەڵپەسێردراوی لەنێوان هەردوولادا مابێتەوە؟**

– مەلەفی پێشمەرگە بەتەواوی کۆتایی پێهاتووە و بەڕەزامەندیی و ڕێککەوتنی نێوان هەردوولا و هیچ کێشەیەک نەماوە کەپەیوەندیدار بێت بە پێشمەرگە و بەهەڵپەسێردراوی مابێتەوە، تەنها ئەوە ماوە کە پرۆژەیاسای تایبەت بەبودجەی پێشمەرگە لەلایەن هەریەکە لەسەرۆک وەزیران و سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە بەڕەسمی پەسەند بکرێت..

*** هەندێک لە چاودێرانی سیاسیی تەئکید لەوە دەکەنەوە کەلەماوەی داهاتوودا گۆڕان بەسەر کابینەی حکومەتەکەی مالکیدا بێت، ئایا کاریگەری سلبی نابێت لەسەر پرۆژەکە و ڕەفزکردنی لەکاتێکدا هەردوو لاتان سەرقاڵی داڕشتنی پرۆژەیەکی لەو شێوەیەن و لەم حاڵەتەشدا ئەگەر بودجەی پێشمەرگە نەخرێتە سەر بودجەی گشتی سیادی عیراق، ئەوا بەخراپ بۆئایندەی پێشمەرگە دەشکێتەوە؟**

– ئەو ڕاسپاردانەی کە دەرکراون، هەردوولا لەسەر بڕگە و مادەکانی ئەو پرۆژەیە ڕێککەوتووین و ماوەی زیاتر لەساڵێکی خایاندووە و هیچ بابەتێکی واشی تێدا نییە کە ئیشکالی تێدا بێت بۆ کوتلە سیاسییەکانی عیراق و ئەوەندەی ئێمە گفتوگۆمان لەگەڵ کردوون، وەفدی کوتلەیەکی سیاسی تایبەت نین، بەڵکو نوێنەری حکومی بووە و نوێنەری هەموو کوتلە سیاسییەکانی تێدا بووە و خەڵکی سوننە و شیعە و کوتلەکانی تری ناوحکومەتی تێدابووە، هەروەها لایەنی سێیەم کە هێزە فرەڕەگەزەکانە بەشداری کۆبوونەوەکانیان کردووە ئاگایان لەوردەکاریی هەموو ئەو کۆبوونەوانە بوون، هەروەک لەئیمزاکردنی ڕێنماییەکەشدا بەشداریان کردووە، بۆیە من تەسەور ناکەم هیچ کاریگەریەکی خراپی هەبێت، هەتا ئەگەر کابینەکەش بگۆڕدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕم وانییە کە ئەم کابینەیە بەئاسانی بگۆڕدرێت، چونکە تائێستا هاوپەیمانی کوردستان پشتیوانی کابینەکەی مالیکی دەکات و هیچ بڕیارێکیشی نەداوە بۆکشانەوە و ئەو بودجەیە بۆهەریەکە لەپەرلەمان و ئەنجومەنی سەرۆکایەتی عێراق یەکلاکراوەتەوە و لەچوارچێوەی

> **بەپێی پڕۆژەی**
> **یاسەیەک چاو**
> **بە مووچەی**
> **پێشمەرگەدا**
> **دەخشێنرێتەوە**
> **تەواو لە**
> **بەرژەوەندی**
> **پێشمەرگەدایە**
> **دەبێت**

یاسا و دەستووردا ڕێکخراوە واتە پەرلەمان خۆی موسادەقەی لەسەر کردووە، هەروەها ئەنجومەنی سەرۆکایەتی عیراقیش ئیمزایکردووە لەبەرئەوە ئەو بودجەیە ڕێکخراوە و بووەتە مادەیەک مافی خۆمانە و دەبێت داوای بکەین و بەپێی ڕێککەوتنەکەی نێوانیشمان دەبێت لەمانگی کانوونی دووەمی ٢٠٠٧وە کاری پێبکرێت، لەبەرئەوە ئەگەر ساڵێکیش دوابکەوێت هەر ئەبێت سەرف بکرێت، چونکە بەپێی یاسا مانگی کانوونی دووەم دیاریکراوە بۆسەرفکردنی وەک لەپێشەوە باسم کرد.

*** بەڵام چ گرەنتیەک هەیە بۆجێبەجێ کردنی بڕگەکانی ئەو مادەیە لەکاتێکدا ئێمە مادەی تریشمان هەیە کە پەیوەندیدارە بەچارەنووسی کورد و تائێستا سستی لەجێبەجێ کردنیدا دەکرێت؟**

– پەرلەمان و ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆماری پەسەندیان کردووە، لەبەرئەوە ئەوان ناتوانن یاسایەک ڕەتبکەنەوە کە پەرلەمانی عیراق و ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ڕەزامەندیی لەسەر نیشاندابێت، مەگەر بەیاسایەک ڕەتی بکاتەوە کە ئەوەش نابێت.

*** مەبەستم ئەوە نییە، ڕوونتر بڵێم ئێستا مادەی ١٤٠ لەدەستووردا چەسپیوە، بەڵام سستی لەجێبەجێ کردنیدا دەنوێنرێت؟**

–: تائێستا هیچ یەکێ لەکوتلە سیاسییەکانی پەرلەمانی عیراق نەیانوتووە مادەی ١٤٠ ڕەتدەکەینەوە، بەکابینەکەی پێشووی جەعفەریشەوە، بەڵام ئەوەیە کە سستی لەکارەکانیدا هەیە و ئەو خلیچکیەش پەیوەندیی بەڕەوشی سیاسی عیراقەوە هەیە ..

*** سەبارەت بەو ١٢ هەزار پێشمەرگەیەی کەبڕیار بوو بنێردرێت بۆناوچەکانی دەوروبەری کەرکوک بەمەبەستی پاراستنی ئەو ناوچانە لەبەر کاری تیرۆریستی بەڵام تائێست ئەم کارە نەکراوە هۆکاری دواکەوتنی ئەم هەنگاوە چییە؟**

–بۆئەم مەوزوعەش ئێمە ڕێککەوتووین لەگەڵ وەزارەتی بەرگری عیراق بەو مەرجەی تەواوی پێداویستییەکانی ئەو هێزانە لەلایەن ئەوانەوە دابین بکرێت، بەڵام تائێستا هیچ پێداویستییەک دابیننەکراوە و ئێمەش ئامادەنین و هیچ پێشمەرگەیەک نانێرین تا ئەو کاتەی ئەو پێداویستیانەی کە داوامانکردووە بۆمان جێبەجێ نەکرێت، بۆیە ئێمە ناتوانین پێشمەرگە ببەینە سەحرایەک و جێی بهێڵین بەبێ خواردن و چەک و تەقەمەنی وەزعێکی باش، لەبەرئەوە وتومانە پێداویستییەکانمان بۆجێبەجێ بکەن، ئینجا دەتوانین هێزەکانمان بنێرین بۆشوێنی پێویست، بەڵام ئەمەش پەیوەندیی بەو بارودۆخە ئاڵۆزەوە هەیە کە باڵی بەسەر عیراقدا کێشاوە، واتە ئێستا هەموویان سەرقاڵی وەزعە گشتییەکەن..

*** کاک لیوا جەبار ئایا پرۆژەیاساکانی تایبەت بەماف و ئیمتیازاتی پێشمەرگە پەسەندکراوە، یاخود تائێستاش لەبەردەستی پەرلەماندایە؟**

– ئێمە چوار پرۆژە یاسامان داڕشتووە و پێشتر لەسەرۆکایەتی هەرێمەوە پەسەندکراوە و بەرزکراوەتەوە بۆپەرلەمانی کوردستان، تەنها پرۆژەیەکیان پەسەند کراوە و ئێستە سێ پرۆژەی تریان لەبەردەستی پەرلەماندایە چاوەڕێ دەکەین کە لەداهاتوودا ئەوانیش پەسەند بکرێن و ئەم هەنگاوەش خزمەتی باش بەبەرژەوەندییەکانی پێشمەرگە دەگەیەنێت و بەو پێیە بەپێی پرۆژەیاساکە چاوبەموچەکانیاندا دەخشێنرێتەوە..

*** واتە هەرکات گۆڕانکاری بەسەر موچەی پێشمەرگەدا بێت، گۆڕانیش بەسەر موچەی پێشمەرگە خانەنشینکروەکان و کەمئەندامەکانیدا دێت؟**

– ئەوە وەک یاسایەک لەداهاتوودا هەرکاتێک پەسەند بکرێت، بەپێی بەندەکانی ئەو یاسایە موچەکان گۆڕانکاری تێدا دەکرێت و بەرزدەکرێتەوە بەجۆرێک کە خزمەت بەبەرژەوەندییەکانی پێشمەرگە دەکات.

*** چ هەوڵێکی نوێ دراوە بۆیەکخستنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە لەکاتێکدا چەند جارێک بەڕەسمی یەکخستنەوەی هەردوو وەزارەت ڕاگەیەنراوە، بەڵام تا ئێستا هەردوو وەزارەت لەدووری یەکتر کاردەکەن؟**

– وەک هەنگاوی یەکەم ئێمە هەموو یاساکانمان یەکخستووە و میزانیەمان یەکخستووە و وەک پرۆژەش پێشکەشی حکومەتی فیدراڵ کردووە ئەوەش کە ماوە بۆیەکخستنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە تەنها ئیشی فەننیە و بۆئەو مەبەستەش لیژنەیەکی باڵا پێکهێنراوە کە ڕێوڕەسمی تێکەڵکردنەوەی هێزەکان دادەڕێژن و ئێستا خەریکی سەرژمێری کردنی هەموو هێزەکانی کوردستانین ، واتە هەموو هێزەکان ئەوانەی کە لەناو لەشکری کوردستان و فەرماندەیی گشتییدان و پاش ئەمەش پۆلێن دەکرێن و کامیان دەگونجێت ئەگوازرێتەوە بۆپاسەوانی سنوور و هەندێکیشیان خانەنشین دەکرێن، بۆیە تەسەور دەکەم تاکۆتایی سەری ساڵ و تا گۆڕانی کابینە هیچ وەزارەتێک تێکەڵ ناکرێت، ئێستا سێ وەزارەتیان ماوە و بەپێشبینی خۆم تا گۆڕانی کابینەکە و سەری ساڵ یەک ناگرنەوە، بەڵام دوای ئەمە بەتەواوی تەوحید دەکرێن و یەک دەگرنەوە..



جەبار یاوەر

## سکرتێری گشتی پارتی سەربەستی کوردستان :

# دۆزی کورد لەوڵاتانی جیهان پشتیوانیی باشی هەیە

**گەرمیان:**
**ڕێبین محەمەد**

عارف باوەجانی تەمەن سی و چوار ساڵە و لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ ەوە وەك زۆربەی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاوارەی عیراق بوون , تا ساڵی ١٩٩٧ لە کۆمەڵگای ئەڵتاشی سەر بە پارێزگای ئەنباری عیراق دەمێننەوە, لە ساڵی ١٩٩٧ وەك پەنابەرێکی سیاسی لەرێگەی کۆمیساری باڵای پەنابەران لە شاری ئۆسلۆی پایەتەختی نەرویج دەگیرسێتەوە, لە ساڵی ٢٠٠٦ لەو وڵاتە بەهاوبیری چەند کوردێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پارتی سەربەستی کوردستان دادەمەزرێنن، کە پارتێکی نەتەوەیی و سەربەخۆخوازی کوردستانە, لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی ساڵی ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٧ لە لیستی کاندیداکانی پارتی سوسیاڵ چەپدا وەك ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی ئۆسلۆ هەڵدەبژێرن, بۆ زیاتر ئاشنابوون بەژیانی خۆی و پارتی سەربەستی کوردستان، ڕۆژنامەی ئاسۆ ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵیدا سازکرد.

*** سەنگی کورد لە پرۆسەی سیاسیدا چەندە یان کورد دەتوانێت ڕۆڵی گەورە ببینێت لە پرۆسەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

– دەتوانم بە خۆشییەوە بڵێم کە سەنگی سیاسی کورد لەم سەردەمەدا نەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگرە لە ئەورووپا و زۆربەی کیشوەرەکانی جیهاندا لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە ، بەبێ یەکلاییبوونەوەی کێشەی کورد ناتوانێت ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەقامگیر بێت، نموونەی هەرەبەرچاو کە دەیبینین ڕۆڵی کەسایەتییەکی وەک مام جەلال لە ئاستی ئەو وەزعەی کە بەسەر عیراقدا تێدەپەڕێت، هەروەها وتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پێش چاوی کەناڵەکانی جیهاندا سەبارەت بە وەڵامدانەوەی هەڕەشەی وڵاتانی دراوسێ بۆ سەر کوردستان، لەلایەکی دیکەوە کێشەی کورد کارێکی وایکردوە وڵاتێکی وەک تورکیا کە ئامادەنییە دان بە مافەکانی گەلی کوردا بنێت لە ئەندامەێتی یەکێتی ئەورووپا چەندین ساڵە بێبەش دەکرێت، بەشداریکردنی کۆمپانیاکانی جیهان لە باشووری کوردستان و سەردانی پەرلەمانتاران و ڕۆژنامەوانانی بیانی بۆ کوردستان پێناسەیەکی دیکەی لەسەر کورد بە جیهانداوە، لەنێو پەرلەمان و ڕێکخراوەکانی جیهانیشدا کورد دۆستی خۆی هەیە ، بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەک نەرویج لە نێو پەرلەماندا گروپێک هەیە بەناوی گروپی دۆستی کورد لە پەرلەمانی نەرویج، لە زۆر وڵاتی دیکەی ئەورووپایش ئەوەم بیستووە.

***سەردان وچالاکییەکانتان لە دەرەوەی کوردستان تا چەند ڕێزی لێگیراوە و بەڵێنی هاوکاریتان پێ دەدرێت؟**

–سەردانەکانمان بۆ وڵاتانی دەرەوە بەردەوامە، ئەویش بەمەبەستی کۆکردنەوەی پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ ئایندەی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەت ٢ جار سەردانی ئەمریکام کردووە و هەرگیز بۆ داواکردنی یارمەتی ئابووری نەبووەو ناشبێت، بەڵکو بناغەی دۆستایەتیمان لەگەڵ ئەمریکادا دروستکردووە لە سەر هەندێک بەرژەوەندی گشتی بۆ ئایندەی ڕۆژهەڵاتی کورردستان، پەیوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ هەر وڵاتێکدا بەشێوەیەکی هۆشیارانە دەبێت، بۆ نموونە نابێت تەواوی هیواو ئۆمێدو چارەنووسی خەبات و گەلەکەمان بدەینە دەستی وڵاتێکی زلهێزی جیهانی کە هیچ بەڵێنێک بۆ پاراستنی ئەو دۆستایەتییەدا لە گۆڕدا نەبێت، ئێمە وەک پارتێکی سەربەخۆخوازی کوردستانی لە مەبەستی سەرەکی دیدارمان لەگەڵ وڵاتانی زلهێز و وڵاتانی ئەورووپایش باسکردنە لە سەربەخۆیی کوردستان لەو بەشەی بن دەستی ئێراندا، چۆن لەو شوێنەی کە پێی دەوترێ ئێران هەر تەنیا ئێمە نین داوای سەربەخۆیی دەکەین، گەلانی دیکەی بن دەستیش لەو ناوچەدا بەهەمان شێوە داوای سەربەخۆیی بۆ نەتەوەیی خۆیان دەکەن، کەوابێت بۆ گەلی کورد لە بن دەستی ئێران ڕێگا ئاسانترە بۆ داواکردنی ئەو مافە ڕەوایە، کە پێمانوایە تەنیا ڕێگای چارەی کێشەی کوردە، ئێمە بێجگە لەو دوو سەفەرەمان بۆ ئەمریکا لە وڵاتانی ئەورووپایش چەندین دیداری تایبەتی و دیپلۆماسیمان هەبووەو بەردەوامیش دەبێت، هەروەها لە ماوەیەکی دیکەدا چەندین کۆوبوونەوەو دیداری گرنگمان دەبێت لەچەندین شوێنی گرنگی جیهانی، لەگەڵ ئەو چالاکییانەشمان لە دەرەوەی وڵات بەهەمان شێوە لە ناوخۆیێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەریکی خۆئامادەکردنێکی زۆر باشین، ئێمە نامانەوێ بەهەندێک چالاکی لاوەکی لەم سەردەمەدا ژیانی ئەندامانی ناوخۆمان بخەینە مەترسییەوە یان هێزی خۆمان لە ناوچەکە نیشان بدەین، ئێمە لە هزری ئایندەداین، بەڵام بەخۆشییەوە لەو ماوە کورتە دا بە هەزاران کەسایەتی ئاکادیمی، کۆمەڵایەتی , زانستی و لێهاتووی جۆراوجۆری کوردستانیمان بە بەرنامەو پرۆژەکانمان بۆ ئایندەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناساندوە بەشێکی زۆریان بە شێوەیکی ڕەسمی ئەندامێتی خۆیان لە ڕیزەکانی ئێمەدا ڕاگەیاندووە، بۆ زیاتر ئاشنابوونیش و بەئاگابوون لەکارو چالاکییەکانی پارتەکەمان لە سەر ئەم ماڵپەڕەمان ( org.ww.psk٢٠٠٦) دروستکردووە.

*** ئایا کەسێک یان لایەنێک هەیە لە ڕۆژئاوا دژایەتی کورد بکات؟**

بێجگە لە حکومەتەکانی تورک و فارس و عەرەب، چەندین دەوڵەتی دیکەش هەیە کە بەرژەوەندی ئابووریان لەگەڵ ئەو چوار دەوڵەتە زۆر بەهێزەو بەقسەی ئەوان لەتبوونی ئەو وڵاتانە لە بەرژەوەندیان نییە، لەبەرئەوەش چەند وڵاتێک دژی سەربەخۆ بوونی گەلی کوردن، بەڵام زۆر وڵاتی دیکەش هەیە کە ئامادەییان تێدا هەیە لە کاتی سەربەخۆ بوونی کوردستان لە بواری سیاسی و ئابووریدا لە کوردستان، سەرمایە و توانای خۆیان بخەنەگەڕ، بێگومان ئەگەر دیپلۆماسیەتی کورد لە دەرەوە چالاک بێت، دەتوانێت پشتیوانی زۆر بۆ پێش دروستبوونی دەوڵەتی کوردی کۆکاتەوە، ئەو دەوڵەتانە دڵنیاکەنەوە کە سەربەخۆ بوونی کورد هیچ لەمەترسی بواری ئابووری و جوگرافیایی ئەوان نابێت، ئەگەر ئاوڕێک بە مێژووی جولەکە بدەینە کە پێش دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل چەندە چالاکی ئاکادیمی وئابووری و دیپلۆماسییان هەبووە، ئێمەش دەتوانین هەمان چالاکیمان هەبێت , نابێت نائومێدی لە خۆمان پێشان بدەین، بە خۆشییەوە ئێستا لە باشووری کوردستان تا ڕادەیەکی مامناوەندی ئامادەکاری کراوە، دڵخۆشی زۆریش بەڕێوەیە، بەو هیوایەی خوێندکارە سەرکەوتووەکانی کوردستان ڕەوانەی دەرەوەی وڵات بکەن، بۆ بینینی خولی جۆراوجۆر بۆ ئایندەی کوردستان.

***هاوکاری ئێوە لەگەڵ لایەنەکانی تری ئێران چۆنە.؟ ئەوان دان بە مافەکانی کورد دەنێن (ئۆپۆزسیۆنەکان)؟**

لەگەڵ هیچ حیزبێکی ناسیۆنالیستی ئێرانی کە خەبات بکات بۆ پاراستنی یەکپارچەیی ئێران پێوەندیمان نییە و ناشبێت، ئەگەر مەبەستی پرسیارەکەت لایەنەکانی نەتەوە بن دەستەکانی ئێرانە بەڵێ پێوەندی باشمان هەیە، واتە لەگەڵ ئەو لایەنانانەی کە داوای سەربەخۆی و سەربەستی بۆ نەتەوەی خۆیان دەکەن، بۆ ڕزگار کردنیان لە بن دەست و حاکمیەتی هەزاران ساڵەی ناسیۆنالیستی فارسی، ئێمە بەخۆشییەوە لە بەرەیەکدا خڕ بووینەتەوە، بەناوی (بەرەی نەتەوەیی نەتەوە بن دەستەکان بۆ دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسی

> **جێبەجێ**
> **گردنی**
> **ماددەی ١٤٠**
> **زۆر بەساردی**
> **بەڕێوەدەچێت**
> **و فڕوفێڵکەدن**
> **خەریکە زیاد**
> **دەبێت**

ئێران))، قەرارە لە مانگی سەپتەمبەری ئەمساڵدا لەگەڵ یەکێتی ئورووپادا چەندین دیدار و ئاکشیونمان هەبێت.

***هەڵوێستتان چییە بەرامبەر بە لەسێدارەدانی گەنجان و ڕۆشنبیرانی کورد لە ئێران؟**

–هەمیشە هەڵویستی پێویست و لە کاتی گونجاودا بە دژی ئەو ڕژێمە کورد کوژەدا هەبووە، دەتوانم بڵێم سەبارەت بە حوکمی ناعادلانەی کۆماری ئیسلامی ئێران بە دژی دوو ڕۆژنامەنووسی بێلایەنی کوردی بەناوەکانی عەدنان حەسەن پور و هیوا بوتیمار، ئێمە لە پێش هەموو لایەنەکان هەڵویستی خۆمان گرت، هەروەها یەکەم لایەنی کوردی بووین کە بەخێرایی نەتەوەیەکگرتووە کانی جیهانمان لەو حوکمە ناعادلانەیە ئاگادار کردەوە.

کۆماری ئیسلامی ئێران بەم ڕەوتەی کە وەک ساڵانی سەرەتایی دامەزراندنی دەستی پێ کردوەتەوە، دەیەوێت بە لە سێدارەدان و کوشتنی جۆراجۆر و ترس و سامێک لە نێو لاوانی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی بن دەست دروست بکات، پێیوایە بەم کردەوانە دەتوانێت خەباتی سیاسی و مەدەنی و خەڵک سەرکۆنە بکات، ئەو حوکمە نا عادلانەیەی بەسەر ئەم دوو ڕۆژنامەنووسە کوردەدا دەریکردووە، دونیای هەژاند، چەندین ساڵە حوکمی بەو شێوە بەسەر کەسدا لە جیهان نەبینراوە، ئەم کردەوانەی هەرچەند جێگای داخ و کەسەرە کە چەندین کەسایەتی هەڵکەوتووی بواری مافی مرۆڤ و ئازادییەکانی کۆمەڵ لە کیسمان دەچێت، بەڵام ئەگەر بەشێوەی دیکە لێکی دەینەوە دەبینین کە ئەو ڕژێمە بەم کردەوە نارەوایانەی کۆمەڵگەی بەشەریەت و ناوخۆی زیاتر بەرەو توڕەبوون دەبات، ئەمەش بە لایەکدا جێگای خۆشحاڵییە کە ماهیەتی ئەم ڕژێمە دژی ئازادی زیاتر بۆ نەتەوە بن دەستەکان و جیهان بناسرێت.

***چۆن دەڕوانیتە ئایندەی کوردەکانی کوردستانی باشوور و مادەی ١٤٠ای تایبەت بە کەرکوک؟**

باشووری کوردستان بەرەو ئایندەیەکی ڕوون دەڕوات، ڕۆژ تا ڕۆژ پێشکەوتنی ئابووریی و سیاسیی و تەبایی لە باشووری کوردستان پەرەدەستێنێت، ئەمەش ئەگەر هەروا بڕوات دڵخۆشی زۆری بە شوێنەوە دەبێت، بەڵام لە پەیوەندی لەگەڵ مادەی ١٤٠ بە داخەوە دەبینین کە ئەو خاڵە زۆر بە ساردی بە ڕێوە دەچێت، گەلی کورد لە باشووری کوردستان ویستیان بە شێوەیەکی یاسایی کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان بێنەوە سەر جوگرافیایی کوردستان، هەر بۆیەش بە مادەی ١٤٠ ڕازیبوون، بۆ ئەوەی بە جیهان و لایەنەکانی عیراق و چاودێرانی جیهانی بسەلمێنن کە گەلی کورد ئاشتی خوازە، دەیەوێت ئاشتی لە عیراقی پاش سەدام سەقامگیر بێت، بەڵام وا دەبینین کە کاتی بەڕێوەبردنی مادەی ١٤٠ نزیکدەبێتەوە، بەڵام فرت و فێڵکردن لە کورد خەریکە زیاد دەبێت، پیلانێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی ئەو مادەیە جێبەجێ نەکرێت، لە لایەکی دیکەشەوە تیرۆریستان بۆ تۆقاندنی خەڵکی کەرکوک بەردەوام تەقینەوە ئەنجام دەدەن ، هیوادارم کە تێکۆشەرانی کوردستان ڕێگا نەدەن بۆ دوا خستنی ئەو مادەیە، چونکە هەموو جۆرە قەولوبەڵێنێک بەناو دۆستانی کوردستانیشمان لە عیراق بۆ تاقی بووتەوە، ئێمە دەبێت زۆر هۆشیارانە بەرەنگاری ئەو فێڵ و تەڵەکانە ببینەوە کە لە گۆڕدا هەیە، من لە عیراقی تازەدا سیاسییە غەیرە کوردییەکان بە سالم نازانم، زۆربەیان پەروەردەکراوی وڵاتانی بە ناو دراوسێی عیراق و بە کردەوە داگیرکەری خاکی کوردستانن ، بۆیە دۆستایەتی و دڵسۆزی لە ڕوانگەی ئەو کەسانەوە بۆ کوردستان زۆر ئاستەمە.



عارف باوەجانی